# دوهەمین كۆنگرەی جیهانی لەمانێلا بۆ پشتیوانی لە كۆنگرەی ئازادی عێراق

## سەمیر عادل: كونگرەكە بڕیاری دابین كردنی بڕی یەك ملیۆن دۆلاری بۆ كۆنگرەی ئازادی عێراق دا

بەبەشداری سەمیر عادل سەرۆكی كۆنگرەی ئازادی عێراق و وەفدێكی هاوڕێی، وەهەروەها بەبەشداری نوێنەرانی دەیان كۆمەڵەو ڕێكخراوی ئەمریكایی و یابانی و ئەندەونوسی و فلیپینی، دەیان كەسایەتی ناوداری ئەو وڵاتانە، كۆنگرەی جیهانی مانێلا بۆپشتیوانی لە كۆنگرەی ئازادی عێراق، لەڕۆژەكانی 28و 29 نیسان بەسترا، سەمیر عادل لەوەڵامی پرسیاری سەرنوسەری بڵاوكراوەی( معا ) سەبارەت بە جێگەو ڕێگەی ئەم كۆنگرە نێودەوڵەتیە ئەڵێت" ئێمە توانیمان بنچینەكانی بەرەی جیهانیمان دا بمەزرێنین و ئەبێت شانازی بەو كارەمانەوە بكەین........من بڕوام وایە كە ساڵی 2007 ساڵی كۆنگرەی ئازادی عێراقەو لە ئێستاشەوە بەرهەمەكانی كاری ڕابردومان كۆئەكەینەوە". شایەنی باسە كە كۆنگرەی یەكەم لە یابان بەسترا، تیایدا وێڕای پشتیوانی سیاسی بۆ كۆنگرە هاوكات بڕیاری دامەزراندنی كەناڵی ئاسمانی"سەنا"ی دا، وەبڕیاریشدرا كە كۆنگرەی سێهەم لەیەكێك لەدەوڵەتانی ئەوروپا ببەسترێت.